دیموکراسی دوای جەنگی سارد، دوا ‹کتێب›ی مەلا بەختیارە، بێ ئەوەی بیخوێنمەوە، ڕەخنەی لێ دەگرم. ناواخنی کتێبە سێ سەد و قسوور لاپەڕەییەکە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە ناوبراو لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زنجیرەیەک کۆڕدا، پێشکەشی کردوون.

نووسەر لەم کتێبەیدا بە ناوی سێ حیزبەوە قسەی کردووە: ئاڵای شۆڕش، زەحمەتکێشان ‹کە لە خانەقین بە جەڕعەزاب ناوی ڕۆیشتووە› و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو ماوەیەی مەلا بەختیار لە سوێد بوو، لە ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە، سێ جار وتووێژی لەگەڵدا سازکرا، هەر جارەی نوێنەری یەکێ لەو حیزبانە بوو.

لە ناوەڕاستی سوێددا شارۆچکەیەک هەیە، خەڵکی خانەقینی زۆر لێییە، کۆمەڵەی کوردیی ئەو شارۆچکەیە، تا ئێستا سێ کۆڕیان بۆ مەلا بەختیار چێ کردووە، لەو سێ کۆڕەیشدا هەر کەڕەتەی بە ناوی یەکێ لەو حیزبانەوە پەیڤیوە.

کەسم نەدیوە هێندەی مەلا بەختیار عاشقە کۆڕ بێ. هەر بۆیە یەکێتی کەڵکی لەم لایەنە گەشەی ئەم کادیرە چالاکە بینی و کردیە بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرقاڵی کۆڕگێڕانن.

ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا چالاکن، دەبێ نەک هەر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕۆن، بەڵکە پێویستە پێشبینی داهاتوویش بکەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە یەکێکە لەو حیزبانەی لە دوای ڕووداوەکانەوەیە، نامیلکەیەکی بەو مەبەستەی بیسەلمێنێ، مەلا بەختیار ناسیۆنالیستە، نەک مارکسیست، نووسیبوو. تا نامیلکەکە بە ڕەوتی کیسەڵ ئاسا، بە هەناسەبڕکێ گەیشتە بازاڕ، مەلا بەختیار بە قەڵەمبازی ئاسک ئاسا، لە ئاڵای شۆڕشی مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە، بە تونێلی زەحمەتکێشانی سۆسیالستدا، گەیشتە دیوەخانی ‹ینک›ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

نەخت ـ شمەک ـ نەخت. خوری ـ ڕیس ـ خوری. یەکێتی ـ ئاڵای شۆڕش ـ یەکێتی. مەلا بەختیار ئەگەر جارانیش سەرقاڵی ئەم بەزمەی ئێستای بووایە، هەرگیز خۆی لە یەکێتی زویر نەدەکرد. ئەگەر لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا ئەو هەڵە کوشندەیەی نەکردبا، ‹خوا عالم ئەمێستاکە لە کام عەرشی دەسوو داوێن.›

ماوەیەک لەمەوبەر ‹هەڵسەنگاندن›ێکی عەتا قەرەداغیم سەبارەت بە ‹لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ›ی نەوشیروان مستەفا، خوێندەوە.* عەتا بەو نووسینەی دەرگای حوجرەیەکی نوێی لە ڕەخنەدا کردەوە، کە ڕەخنەی ماستاوی،


KOÇER www.dengekurd.com

یان ماستاوەڕەخنە، پڕ بە پێستێتی. بەو مەبەستەی ئەدەبی ماستاو ساردکردنەوە، جێ بە ئەدەبی مەنفا، ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی زیندان، ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی نامەکاری لێژ نەکا، لەمەو دوا ناو بە ناو ساتیرەڕەخنە دەنووسم.

2000. 05. 24

* کوردستانی نوێی ڕۆژی ٦ی ٢ی ٢٠٠٠
جێی سەرنجە نەوشیروان مستەفا ناونیشانی ئەو کتێبەی لە ‹نجفقلی پسیان›ەوە وەرگرتووە. ئاخر ئەو نووسەرە فارسە، نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ناونیشانی: ‹از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس›ەوە بڵاو کردۆتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس.


KOÇER www.dengekurd.com